# نوێنەری عێراق لە ئینجومەنی ئاسایش:هێرشکردنە سەر عێراق لەهەر لایەنێکەوە بێت تێتدێکیەنەوە



عەباس کازم عوبەید، بەرپرسی کاروباری عێراق لە نێتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، راگەیاند" کە هەوڵی بەردەوام بۆ باشترکردنی باری ژیانی هاووڵاتیان دەدرێت، هاوکات دووپاتی لەسەر تێتکردنەوەی عێراق کردەوە بۆ هێرشکردنە سەر خاکێکی لێلایەن هەر لایەنێکەوە.

عوبەید لە وتارێکیدا وتی:نوێنەری عێراق لەبەردەم ئینجووەمەنی ئاسایش ئیشکەشی کرد، وتی" ئەم هێرشکردنە سەر خاکەکەمان لە هەر لایەنێکەوە تێتدێکیەنەوە، هێرشکانیش پشێلکردنی سەروەری و هێشێن بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری و عێراق تێگۆ بۆ هیچ لایەنێک نادات ئاسایش و سەقامگیری خۆی تێکبدات، دشێت دەزگا ئەمنییەکان بەردەوام لە کارکانی لە بەدواداچوونی تیرۆر و بەرێنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرکان و وشککردنەوەی سەرچاوەکانیان.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەم داوای کۆتایی هێنان بە شەڕی غەزە و هاتنە ناوەوەی هاوکارییە مرۆییەکان دەکەین، هێروەها هۆشداریش دەدەین لە مەترسی فراوانبوونی ململانێکان.

جەختیشی لەوە کردەوە کەحکومەت جەبەجێکردنی دەیان پڕۆژەی گۆشەپێدانی تەواو کردووە و بەردەوامە لە کارکردن بۆ تەواوکردنی بێندەری فاو و هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ باشترکردنی ئاسایش و باری ژیانی هاووڵاتیان و کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی پڕۆژەی هێزاری و بێکاری بەرێگای جەبەجێکردنی بەرنامەی

حکومەت کە بڕیاری بە جێبەجێکردنی داوە.

عوبەید ئاماژەی بۆشکرد کەهەماهەنگی بردەوام لە نێوان بەغدا و هەولێر هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی پەیوەست بە پرسە بنەڕەتییەکان، هەروەها پێکەوە کاردەکەین بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی گواستنەوەی نەوت لەگەڵ تورکیا.

ئەوەشی وت" پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، عێراقی دەکاتە ناوەندێک بۆ بازرگانی جیهانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان، ئاماژەی بۆشکرد کەحکومەت لە ماوەی خولی پێنجەمی مەندانی گرێبەستی واژۆیکردووەو لەگەڵ کەمپانیای تەتال بۆ جێبەجێکردنی 4 پڕۆژەی گەورەی نەوت و گاز.